# ئازاد ئیبراهیم عەبدوڵلاّ

له ساڵی 1959 له شەقلاّوه له دایك بووه. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و له شەقلاّوه تەواو کردووه. خوێندنی زانکۆی دوو ساڵ له سلێمانی و دوو ساڵ له هەولێر بەشی کارگێڕی و ئابووری خوێندووه.

له ساڵانی هەفتاکانەوه دەستی به شعر نووسین کردووه و دیاریشه وەك زۆربەی شاعیرانی دی خۆشەویستی نیشتمان و بابەتی سیساسی تەوەرێکی شعرەکانی کاك ئازادن له سەرەتادا. له خوێندنەوەی دەستنووسەکانیدا ئەتوانین به ئاسانی دەستنیشانی چەمکی نیشتمان و پێشمەرگه و قوربانیدان و خۆشەویستی خاك و ئاو و داروبەردی کوردستان بکەین.

له پاڵ ئەمەشدا کاك ئازاد هەوڵیداوه هەندێ هەڵبەستی تایبەت بۆ گۆرانی بنووسێ. که به زمانێکی سادەو ساکارەوه نووسراون.